

# نەخشەی پانتایی

# (ڕۆشنبیری)

وەلید عومەر

مەبەست لە «نەخشەی ڕۆشنبیری» لەم یاداشتە خێرایەدا، سنوورەکانی پانتایی ڕۆشنبیرییە کە سەرەتا لەناو خۆیدایە و پاشان دەچێتە کارلێکەوە لەگەڵ پانتاییەکانی تری وەک مێژوو، سیاسەت، و هتددا. پانتایی ڕۆشنبیری، لە هەموو کەلتوورەکاندا خاوەنی نەخشەیەکی تایبەت بە خۆیەتی کە کۆمەڵێک بکەری تیایە وەک نووسەر، خوێنەر، ڕەخنەگر و هتد. نەخشەی ڕۆشنبیری، لە فیکر و ئەدەبیات و هونەر و پرسی ڕەخنە و تەنانەت ئەکادیمیا و بەشێکی میدیاش پێک دێت. هەر ئەم نەخشەیە، کۆمەڵێک پەیوەندییشی هەیە دینامیکییە، واتە بەشەکانی ناو خۆی لە جووڵە و بزووتن و ململانێدان. ئەو کایانەی لەناو ئەم نەخشەیەدا کار دەکەن، تەواو جێگیر نین و شەڕی «هەژموون» بەشێکە لەم پەیوەندییە دینامیکییە. بۆ نموونە دەشێت بکەرێکی وەک ژۆرنالیست، لە بڕگەیەکی زەمەنیدا گوتارێک یاخۆ نیمچە-گوتارێک درووست بکات و کاریگەریی بخاتە سەر بکەری کایەکانی تریش. یان زمانی کایەیەکی وەک ئەدەب، ڕووبەری کایەیەکی تری ناو ئەو پانتاییە داگیر بکات. نەخشەی ئێستای ڕۆشنبیریی کوردی، زۆر ڕوون نییە؛ بەجۆرێک مرۆڤ هەندێجار هەست دەکات بەتەواوەتی درووست نەبووە و بوونێکی پچڕپچڕی هەیە، یاخۆ ئەرک و ئامانجی ڕوون نەبووەتەوە؛ یانژی تەمومژی کۆی دۆخی کۆمەڵگا نەخشە ڕۆشنبیرییەکەشی خستووەتە هەمان دۆخەوە.

## پانتایی ڕۆشنبیری و «مێژوو»

پانتایی ڕۆشنبیری، لەناو مێژووی مۆدێرندا درووست بووە و بیرکردنەوەی مێژووییش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی. ڕۆشنبیر، ناچارە مێژووی کایەکەی خۆی ڕەچاو بکات. ئەو دەکەوێتە کوێی ئەو مێژووەوە، پرسیارەکانی ئێستای ناو ئەو مێژووەی چین، کۆمەڵگاکەشی لەکۆدا لەکوێوە بەرەو کوێ دەچێت. هەڵبەت ئەمە بۆ کایەکانی تری ناو ئەو پانتاییەش ڕاستە، ئیدی بکەرەکە ئەدیب بێت یان هونەرمەند یاخۆ هەر بەرهەمهێنەرێکی تر. ئێستا یەک لە پرسیارە گرنگەکان بۆ کۆمەڵگای ئێمە، دەشێت پرسیاری مێژوو بێت. مێژوو وەک چی؟ وەک فەلسەفەی مێژوو، دواتریش وەک پێگەی مێژوویی. ئایا ئێمە دەکەوینە کوێی مێژووەوە؟ پرسیاری لەم جۆرەش، لە زیمنی خۆیدا، مەبەست لە «ئێستا»یە. «ئێستا» گەر کۆتا دەرەنجامی مێژوو بێت، سیماکانی ئەم ئێستایە چین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، یەک لە ئەرکەکانی پانتای ڕۆشنبیرییە کە پێدەچێت سەرەتا بیرمەند لێی بەرپرس بێت و دواییش بکەرەکانی تر.

ئاشکرایە، ڕۆشنبیریی کوردی کێشەی تێگەیشتنی مێژووییانەی بۆ شتەکان هەیە. یان لەلایەک مێژووی ڕووت و خام دەنووسرێتەوە (کە مێژوونوسیی خام خۆی بەرهەمی درووستنەبوونی ئەقڵی مێژووییە)، یاخۆ لە پرسە مرۆییەکاندا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی تەواو «مێژوویی» وەرناگیرێت کە کام دیوەی ژیانی لەناو کاتێکی مێژووییدایە و کام دیوانەشی وجودی و نامێژوویین (ئاشکرایە لە شتانێکدا کە مێژوویی بیری لێ دەکرێتەوە، پێویستە نامێژوویی و

قووڵتر وەریبگرین- شتانێکیش هەن کە پێویستە مێژوویی بیری لێ بکەینەوە نەک لە دەرەوەی جووڵەی مێژووەوە). دیارە ئەمەش گوناهێک نییە لەبنەڕەتدا تەنیا پەیوەندیی بە فیگەری ڕۆشنبیرەوە هەبێت، بەڵکوو مێژووی مۆدێرنی خۆرئاوا پێشوەختە گرژیی بۆ هەموو کەلتوورەکانی تر درووست کردووە. چونکە مێژووی گەشەی هەر چەمک/پرسێک سەرەتا گەشەیەکی خۆرئاواییە و دوایی دەبێت لە لۆکاڵ (ناوخۆی کۆمەڵگاکان)ـدا بیری لێ بکرێتەوە. ئەم ناتەباییەی لۆکاڵ و مێژووی خۆرئاوا، وایکردووە لە کەلتوور و ڕۆشنبیرییەکانی تردا پتر «مۆدێل» بڕسکێت و دواییش خێرا نەمێنێت. وەکبڵێی بایی ئەوە مێژوو ناسازێنێت بمێنێتەوە. بەڵام وێڕای ئەمانەش، پێموایە مێژووی لۆکاڵ، گەشەی کەمتازۆر تایبەت بە خۆی درووست دەکات. ئەم گەشەیە، هێڵێکە لە جێیەکەوە لەناو ئەو لۆکاڵەدا دەستی پێ کردووە و زۆرینە لەسەری کۆکن و پێوەری بابەتیی تایبەت بە خۆیشی دەخوڵقێنێت. ڕەنگە مرۆ زۆرجار سەری لێ بشێوێت و هێڵە مێژووییەکە نەبینێت، بەڵام سەرەنجام تێدەگات ڕیزێک نوختە هەن خەسڵەتیان داوە بە یەکتر و یەکدییان لە «بۆشێتیی ڕەها» ڕزگار کردووە. بە مانایەکی تر، فەوزاش خاوەنی پێوەری تایبەت بە خۆیەتی.

مێژوو خۆی لە سادەترین مانادا، خەسڵەتپێدانی شتەکانە بە یەکتر لەناو کاتێکدا و ئەم کاتەش درێژ دەبێتەوە. هەر ڕووداوێک بۆیە مێژووییە، چونکە ڕووداوێکی تر نییە. مێژوو ڕیزێک حزوور و غیاب یاخۆ نەفی و خەسڵەتە کە لە «چەندێتی»ـیەوە بەرەو

«چۆنیەتی» دەجوولێن. واتە جۆرێک کەڵەکەبوون لە زیمنی کاتدا هەیە کە لە جێیەکدا هەرەس دەکەن و شتێکی نوێ دێتە ئاراوە.

ئەو کاتانەی هەست دەکەین هیچ لە مێژوودا ڕوو نادات، ئەوە پتر لەناو زنجیرەی «چەندایەتی»ـداین، زنجیرەیەک کە هێشتا چۆنایەتیی وەرنەگرتووە و ناوەڕۆک بایی ئەوە ڕەگەزی دژی کۆنەکردووەتەوە کە فۆرمەکەی بتەقێت. ئەوەی پێی دەوترێت «خاڵی وەرچەرخان»، بەرکەوتنێکی توندی «نەفی» و «خەسڵەتپێدان»ـە لەناو ئەو کاتەدا کە ئاسۆیەکی نوێ دەکرێتەوە بەبێ ئەوەی هێڵەکە بەیەکجاری کۆتایی بێت. لە مێژووی ئێمەدا، «خاڵەکانی وەرچەرخان» هێند نارِوونن، مرۆ گومان دەکات لەناو بۆشاییدەکدا دەژی، بۆشاییش بریتییە لە نەفیی ڕووت (نێگەتیڤیتە) یان پۆزەتیڤیتەی ڕووت. واتە ئەو زەروورەتە زۆر ڕوون نابێتەوە کە ئاخۆ پێویستە چی نەفی ببێت و کام خەسڵەتە بچێتە سەر ئەو نوختە نەفیکراوە. دیسان دەیڵێینەوە، وێڕای ئەمانەش کۆمەڵگا خۆی لەسەر شتانێکی کەم و گشتی هەر ڕێک دەکەوێت کە مێژووی پێ بناسرێتەوە. کۆدەنگییەک هەر دەخوڵقێت، ئەنجامی ڕووداوێک بێت یان نا، کە سرووشت لە ڕۆح، مێژوو لە نامێژوو، ئەمڕۆ لە دوێنێ جیا ببێتەوە. لە پانتایی ڕۆشنبیرییشدا، پێوەرگەلی وەک زمانحاڵی قۆناغێک، داهێنان، درووستکردنی گوتار و هتد دەتوانن لۆکاڵ بەسەر بڕگەی جیاجیادا دابەش بکەن و بە مانایەکی سەرەتایی، مێژوو درووست بکەن. هێشتا ئەو ڕاستییەشمان هەر لەبیرە کە مادام «ویستی هێز» لەناو ژیانی مرۆڤەکاندا حوکم دەکات، ئەوا مێژووش بە جۆرێک مێژووی

«ویستی هێز»ـە: بۆیە وتمان پارادۆکس، چونکە لەنێوان میلەتاندا ئەوانەی وا لەو هێزە ئەفرێنەرە بێبەشن، پتر وەک جوگرافیایەکی ڕووت دەمێننەوە تا وەک بەشێک لە مێژووی جیهان. دەشێت لە لۆکاڵدا، مێژووی تایبەت بە خۆیان درووست بکەن بەڵام چۆن دەچنە ناو پرۆسە گەردوونییەکەوە شتێکی ترە (جێی خۆیەتی بڵێم، هیگڵ لە وانەوتارەکانی فەلسەفەی مێژوودا کە مێژووی جیهان شی دەکاتەوە، لە پەراوێزی بەشی ئێراندا، یەک جار ناوی کوردستان وەک شوێنێکی جوگرافی دەهێنێت و هیچی تر).

چەمکی «مێژوو» بۆ پانتایی ڕۆشنبیری، تەنیا بابەتێک یاخۆ «ئۆبێکتێکی ڕۆشنبیری» نییە؛ بەڵکوو بنخان و پشتخانی پانتاییەکەیە. دەشێت نووسەرێک هەرگیز وتارێکیش لەسەر خودی مێژوو نەنووسێت، بەڵام تەواو مێژووییانە بیر بکاتەوە. مەبەست لە «تەواو مێژووییانە»ش وەسوەسە نییە بۆ هەموو شتێکی ورد و درشت کە ڕوو دەدات، بەڵکوو ئەوەیە پەیوەندیی دیاردەکان و یاساکانی ڕسکان و کەوتنیان لەناو مێژووەکەدا بناسێت. ئەو یاسایانەی بە تەنیا یاسای فۆرماڵی مێژوو خۆی نین، بەڵکوو لە ڕۆحی کەلتوورەکەشەوە دێن. یاساکانی مێژوو، کۆمەڵێک یاسای پێشوەختە نین بەسەر کەلتوورێکدا بسەپێن؛ بەڵکوو هەر بە نێوانگریی ئەو کەلتوورە دەڕسکێن و لەویش سەرووتر هەڵدەکشێن. یاساکانی مێژوو، هەمیشە کەمێک لەسەروو کۆمەڵگا و قەومەوەیە. بۆ نموونە، بیرمەندێک چۆنچۆنی یاسا گشتەکی (کلی)یەکانی کۆمەڵگایەک دەدۆزێتەوە و لەناویشیدا مافی هەموو دیاردەکان

دەدات. مـاف، هـەم بـە وتـای ئەقڵانـی و بـە واتـای ئەخلاقیـیش. چونکـە دیتنـی دیمەنـە گشـتییەکەی مێژوویـەک و دۆزینـەوەی یاسـا پێکداچووەکانی، هـەردوو ڕەهەندەکە پێکـەوە دەپێکێت. لـەم ڕووەوە ڕۆشـنبیر پێویسـتی بـە ئەقڵێکـی گشـتبین و میتافیزیکییـە. ئـەو ڕەخنەیەشـی گوایـە مێژوو ئامانجـی نیـە، بـەو مانایـە نایـەت یاسـای نییە. یاسـاکان، خۆیشـیان ئامانجن. یاسـا کە لە واقیعیشـدا دێتە دی و ناواخنی خۆی پڕ دەکاتـەوە، ئیدی ئامانـج هـەر ئەوەیە. بـەڵام ئەوەی یاسـاکان چەنـدە جەوهەرییـن و چەندیش کاتی و گۆڕاو، دیسـان یەک لـە ئەرکەکانـی ڕۆشـنبیری گشـتبینە کـە بیاندۆزێتـەوە و تیۆریزەیـان بـکات. گـەر بشسـەلمێت مێژوویـەک تەمومژاوییـە و بۆشـاییەکی زەبەلاحـە، ئـەوەش دیسـان جۆرێکە لـە دۆزینـەوە؛ دۆزینەوەیـەک کـە یـان یاسـاکان ئاسـان خۆیـان نـادەن بەدەسـتەوە یـان مێژووەکـە بـەو جـۆرەی پێویسـتە دەسـتی پـێ نەکـردووە یاخـود توخمـە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤـەکان نەچوونەتـە کارلێکـی کافییـەوە، یانـژی هـەر هۆکارێکـی تـر کـە ئێسـتا ناتوانیـن وێنـای بکەیـن.

کاتێـک ئـەم سـەرنجانە تۆمـار دەکەیـن، مەبەسـتمان ئـەوە نییـە زەینـی ڕۆشـنبیر و ترپـەی واقیـع و مێژوو هاوکاتـن. نەخێـر، بەڵکـوو ڕۆشـنبیر هەمـوو واقیـع و مێژوو دەپەسـتێتە نێو زەینـی خۆیـەوە و ژیانێکـی چەمکایەتـی دەژی. ئەمـە تێکـڕا یـەک لـە کێشـەکانی واقیعـی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتیـی ئێمەشـە کـە ناتوانیـن یاخـۆ نامانەوێـت ژیانێکـی چەمکایەتـی (conceptual) بژیـن. یەکـەم هەنـگاوی پانتایـی ڕۆشـنبیری ئەوەیـە کـە بکـەرەکان بچنـە نـاو ژیانێکـی چەمکایەتییـەوە،

واقیـع تووشــی ئەبســتراکتیێتی بکـەن، میـێژوو لـە کۆمەڵێـک یاســا و ڕێســادا بگوشـن بیٚ ئـەوەی وردەکارییـەکان بسـڕنەوە، و هتـد. هـەر ئەمەشـە مێژووی ڕۆشـنبیری دەجووڵێنێت و دەکرێت بەپێی قۆناغی جیاجیـا ئایدیـاکان و مەنزوومەکانـی بیرکردنـەوەی نـەوەکان جیـا بکرێنـەوە. هـەر لێرەشـەوە دیسـان پەیوەندی لەنێوان مێژوو و ئایدیا یان واقیع و ئایدیادا درووست دەبێت و پاشگرەکانی وەک «یزم» و «ناسـی» مافی خۆیـان وەردەگرن. ئـەم پاشـگرانە، بەرهەمـی ویسـتی ڕووتـی ئـەم کـەس و ئـەو کەسـی تـر نیـن کـە بیلکێنـن بـە قۆناغێک یاخـۆ کەسـایەتییەکەوە، چونکـە بـە میـێژووی خۆیـدا نەهاتـووە و شـتەکەش زوو بیـر دەچێتـەوە.

پاشـگری «یزم» خۆی بریتییە لە جێکەوتی گوژمی ئایدیا لەسـەر مێژوو. ئەقڵێکـی هـەزار لـە دونیـای ئێمـەدا، بیٚ ئـەوەی لـەم ڕاسـتییە تێبـگات، دەچێـت ئـەم پاشـگرە دەلکێنێـت بـەم کـەس و ئـەو کەسـی سیاسـی یاخۆ ناسیاسییشـەوە. ڕەنگـە جاروبـار کـە باسـی «نەبوونـی مێژوو» یـان «دەرەوەی مێژوو» دەکرێت، پتـر مەبەسـت لـەم غیابـەی ئایدیـا بێـت لـە مێژوودا. جـا کاتێـک باسـی یاسـاکانی مێژوومـان کـرد، دەبـوو بڵێین هەندێـک ڕووداوی دیـار ڕوودەدەن کە دەشـێت ڕۆشـنبیر تووشـی سـەرەگێژە بکات ئاخۆ کوێی مێژوویيە و کوێیشـی نامێژوویی. بـۆ نموونـە، بزووتنەوەیەکـی سیاسـی کـە لـە ڕواڵەتـدا وادەردەکەوێـت جەبرێکـی مێژوویـی بـووە و دەرکەوتـەی خواسـتی خەڵـک بـووە لـە تەوقیتێکـدا، ئاخـۆ شکسـتەکەشـی هـەر مێژووییـە؟ (بەتایبـەت هـەر مێـژوو، حیزبگەلـی تـر دەهێڵێتـەوە بـە مێژوویەکـی کۆنتـر و سـتەمێکی

زۆرتریشــەوە). یــان بــۆ نموونــە کەمینەیەکــی وەک ئێزدییــەکان کــە «زۆرتــر لەوانیتــر» قوربانیــی نــاو مێژوویەکــی قوربانییــن، بەپێــی کام پرەنسیپی مێژوویی، پێگەی مرۆییان دیاریی دەکرێت و دەپارێزرێن؟ مەبەســتمان ئەوەیــە چــۆن دوو پارچــەی یــەک دیــاردە، لەنــاو یــەک مێژوودا تێبگەیــن کــە ســەرەتاکە تــەواو مێژوویــی دیــارە، بــەڵام لەدواییدا تەمومژێکــی مێژوویــی جێدەهێڵێــت.

## پانتایی ڕۆشنبیری و «سیاسەت»

ڕەنگــە لەبنەڕەتــدا، ڕۆشــنبیر و پانتایــی ڕۆشــنبیری، کــە بەشــێکی گرنگــن لــە کۆمەڵگای مەدەنییــش، وەک چاودێریــی دەســەڵات هاتبنــە کایــەوە. وێــڕای ئەمــەش، هەندێــک جــۆری پەیوەنــدی لەنێــوان ئــەم دوو پانتاییــەدا هەیــە کــە ســەرەکیترینیان «یەکداپۆشین»ــە و باقییەکــەی کۆنتــرۆڵ، کێشــکردن، ئاڵوگــۆڕی ســیمبوڵی، کارلێکــی گوتــاری و هتــد. پانتایــی ڕۆشــنبیری، هەمیشــە مەودایــەک بــە پانتایــی سیاســییەوە دەهێڵێتــەوە، چونکــە گــەر بــە زمانی دەروونشــیکاری بیڵێین سیاســەت زۆرتریــن گەمــە بــە پاڵنــەری مــەرگ (death drive)ــەوە دەکات. واتە لەســەروو هەمــوو پانتاییەکانــی تــرەوە، مافــی بەکارهێنانــی هێــزی هەیــە، چ وەک وێرانکــردن و چ وەک نەفــی و ســەرکوتی ڕۆژانــەی مــرۆڤ. خــۆی لــە ڕاســتییدا دەســەڵات، شــوێنی کۆبوونــەوەی هەمــوو دژیەکــی و دەســەڵاتخوازییەکانی مرۆڤــە. پانتایــی ڕۆشــنبیری، پلەیــەک و دوو پلــە و چەندیــن پلــەش زیاتــر لــە بەکارهێنانــی هێزەوە دوورە. ئــەو تەنیــا هێزێکــی ســیمبوڵیی هەیــە ڕۆژانــە شــەڕی خــۆی پــێ بکات. هەتــا بیرمەندێکیــش بــە ئایدیاکانــی خــۆی خــۆراک بــە بزووتنەوەیەکــی

سیاسیی فاشیستی بدات، هێشتانێ ئەم دوو پانتاییە نابنە یەکێک. پانتایی ڕۆشنبیری لە بنەڕەتدا، بڵندبوونەوەی پانتایی سیاسییە. واتە پاڵاوتن و هەمواربوونەوەی هێزە ڕاستەوخۆکەیە. مرۆڤەکان لەم پانتاییەدا توندوتیژی بە ناو جۆرێک «نێوانگری»دا دەبەن. هەر کردەیەکی ڕۆشنبیری، لە توندوتیژترین ئاستیشدا کە کوشتنی لێ بکەوێتەوە، هەر کردەیەکی نێوانگیرکراو و ناڕاستەوخۆترە بەراورد بە کردەوەکانی دەسەڵات. دیارە دەشزانین چەمکی «سیاسەت» و «دەسەڵات» هاومانای تەواوەتیی یەکتر نین، بەڵام وەک قەوارەی وجودی لەبنەڕەتەوە جیاوازن.

دەگێڕنەوە کاتێک غاندی و چارلی چاپلین یەکتر دەبینن، غاندی دەنوشتێتەوە و دەستی چاپلین ماچ دەکات. چاپلینیش، لە وەڵامدا دەیەوێت دەستی غاندی ماچ بکاتەوە، بەڵام غاندی دەستی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت «نابێت هونەرمەند ئەوەندە متمانەی بە سیاسی هەبێت». ئەم چیرۆکە، لە یەک کاتدا دوو ڕەهەندی پێچەوانەی هەڵگرتووە کە یەکەمیان بەپێی ئەو سەردەمە هەڵوێستێکی ڕادیکاڵە، دووەمیشیان بەپێی ئەمڕۆ هەڵوێستێکی سەگباوەڕانە (سینیکی)یە. لە یەکەمیاندا، نابێت ڕۆشنبیر زۆر متمانەی بە سیاسی هەبێت، چونکە سیاسەت شوێنی پیادەکردنی پەتیی هێزە لە دێرزەمانەوە تا ئەمڕۆ، و پێویستیی بە ئەنتیتێزێکی ناسیاسییە بۆ ئەوەی سنووری خۆی نەبەزێنێت. لە دووەمیشیاندا، ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە ڕۆشنبیر توخنی سیاسەت نەکەوێت، چونکە گڵاوە. پشتکردن لە سیاسەت، دۆخێکی ڕەشبینانە و

سەگباوەڕانەیە. سەگباوەڕی (سینیزم)، گاڵتەکردنە بە هەموو شت تا ئەو جێیەی خۆیشی دەبێتەوە بە مایەی گاڵتە. سەگباوەڕی، پێشوەخت پێناسەی ڕۆشنبیر تووشی ناکۆکی دەکات کە لەبنەڕەتەوە وەک دژەهێزی دەسەڵات درووست بووە. ڕۆشنبیری و تەنانەت کتێب و نووسین و هتد تێکڕا سەمپتۆمن، نیشانەی شتێکی تری جیا لە خۆیانن، زیادەی سەر پانتاییەکی ترن بەناوی پانتایی سیاسی. واتە لەبنەڕەتدا ڕۆشنبیری وەک هێزێکی سیمبوڵی، پارچەیەکی وەدەرنراوی سیاسەت خۆیەتی کە جێی نەبووەتەوە.

کاتێک دەسەڵات ناتوانێت سەرتاپا «سیاسی» بێت، پارچەیەکی لێ جیا دەبێتەوە و بە پاڵێوگەیەکی کەلتووری‌دا دەبرێت و ناودەنرێت پانتایی ڕۆشنبیری. بۆیە پانتایی ڕۆشنبیری‌یش، وەک ڕەچەڵەک پانتاییەکی ئەمین و ئارام نییە. پەیوەندیی چەک و قەڵەم خۆی پەیوەندییەکی ڕەوانبێژییانەی ڕووت نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی «سەمپتۆمییانە-symptomatic»یە. قەڵەم خۆی چەکێک بووە کە لە شوێنی خۆی ترازاوە، چونکە بنەڕەتی کۆمەڵگای مرۆیی، سەرەتا لە زەبروزەنگەوە درووست بووە. قەڵەم، کەرەستەیەکی بڵندکراوە (sublimated)ی چەکە. بەپێی لۆژیکی دەروونشیکاری، چێژی قەڵەم بەناچاری جێی چێژی چەکی گرتووەتەوە و جێگرتنەوەکەش شتێک نییە بەیەکجاری ڕووی دابێت و کۆتایی هاتبێت. ئەم دوو ڕووبەرە، لە گرژییدا دەژین، بە مێژوویەکی زۆر بەسەر ئەو پەیوەندییەشدا تێپەڕیبێت و چەندین گوتاری شارستانییش داهاتبێت کە بنەڕەتی چیرۆکەکەی بیر بردبینەوە.

پانتایـی ڕۆشـنبیری، لـە دۆخـی ئارامـدا بێـت یـان نائـارام، هــەر پانتاییەکـی چەپێنـراوی سیاسەت-دەسـەڵاتە و بـەردەوام لـە کەناڵـی جیاجیـاوە دەگەڕێتـەوە. لـە ڕواڵەتـدا پانتایـی ڕۆشـنبیری، پاداشـتێکی شارسـتانیی کەمتری دەسـت کەوتـووە. بـەڵام بەرمەبنـای ڕێسـایەکی دیالەکتیکی دەتوانین بڵێین شـتەکە بـەو جۆرە نییـە، چونکە تەمەنی درێـژی ڕۆشـنبیر بـەراورد بـە سیاسـییەکان بەگشـتی لەنـاو مێـژوودا ئـەم لاسـەنگییە قەرەبـوو دەکاتـەوە. مەبەسـتمان مامەڵەیەکـی یـەکالا نییە کە بکەرەکانی ناو پانتایی ڕۆشـنبیر دڵ بە مانەوەیان لە مێژوودا خـۆش بکـەن و بـەس، بەڵکـوو باسـەکەمان ململانـێ هەمیشـەییەکەیە کـە کەوڵـی خـۆی دەگـۆڕێـت و هەریەکەیـان شـەڕی هەژموونـی خـۆی دەکات. هــەر لــەم ڕوانگەیــەوە، دەسـتەواژەی «کرینـی قەڵـەم» لـە مێژووی دەسـەڵاتدا، دەری دەخاتـەوە کـە قەڵـەم خـۆی بـە شـێوەیەکی بێنێوانگـر چـەک بـووە: بـەڵام شارسـتانییەت بەجۆرێـک کەوتووەتـە ڕێ و پانتاییەکانـی جیـا کردووەتـەوە کـە هەمیشـە قەڵەمێـک دەمێنێـت نەکڕدرێـت. سیاسـەت وەک سـتراکتۆر، ناتوانێـت ئـەو شـوێنە بکڕێـت و پـڕ بکاتـەوە کـە دەتوانیـن نـاوی بنێیـن «شـوێنی بەتاڵـی قەڵـەم». گـەر بەشـێوەی هاوکاتیـش قەڵـەم نەتوانێـت وزەی چەکداریـی خـۆی بگوازێتـەوە، ئـەوا لەشـێوەی چەپێنراوێکـدا، لـە فۆرمـی کتێبێکـدا لـە مێـژوودا دەگەڕێتـەوە و زەمینـە بـۆ نەوەکانـی تـر خـۆش دەکات.

لـە دۆخـی ئەمـڕۆی کۆمەڵـگای ئێمـەدا، پانتایـی ڕۆشـنبیری لـە کۆمەڵێـک قەیرانـدا دەژی. بـەر لـە هەمـووی، واتـە بـەر لـە هــەر قەیرانێکـی بەشـەکی و دیاریکـراو، قەیرانـی پانتاییەکـە خۆیمـان هەیـە.

ئاخۆ ئەم پانتاییە تا چەند خۆی دەناسێت و خۆی نوێ دەکاتەوە و مەوداکەشی بە پانتاییەکی وەک سیاسەتەوە دەپارێزێت.

وادەردەکەوێت ئەمڕۆ «ڕۆشنبیر» بەو سرووشتە نەگۆڕ و بێگەرد و تەقلیدییەی خۆیەوە نەماوەتەوە، بۆیە دەشێت بکەری نوێش بخزێنە جێگاکەی و بانگەشەی ئەرکەکانی ئەو بکەن. لەم ڕووەوە پێناچێت گرفتێکی گەورە هەبێت، چونکە تۆپۆلۆژیا و شوێنی پانتاییەکە هەمیشە وەک خۆی دەمێنێت. ئەوەی گۆڕانی بەسەردا دێت، دینامیک و بزووتنە، ئەو گۆڕانانەیە کە بەپێی سەردەم و ستایلەکانی ژیان و هۆیەکانی پەیوەندیی سەردەم ڕوودەدەن. دەشێت لە چرکەیەکدا، ڕۆژنامەوانێک ڕۆڵی ڕۆشنبیر بگێڕێت. بخزێتە ئەو پێگەیەوە کە شەڕی دەسەڵات دەکات و قەیران بۆ هەژموونی دەسەڵات دروستدەکات. وەکچۆن دەسەڵات پێشوەختە هەوڵیداوە بخزێتە ناوەڕۆکی ئامرازەکانی سەردەمەوە و لە کاریگەریی ئەو پێگەیە کەم بکاتەوە. لە هەمان کاتدا، دەسەڵات هەوڵدەدات هەمیشە «دال»ـە کۆنەکان بە هەندێک «مەدلول»ـی نوێ پڕبکاتەوە کە خەڵک درکی نەکەن: بۆ نمونە، دالی «ئاوەدانکردنەوە» پێشتر بە هەموو فریوەکانی دەسەڵاتەوە لە «بنیاتنان و خزمەتکردنی خەڵک»ـەوە نزیکتر بوو. بەڵام ئەمڕۆ دەتوانێت چەندین مەدلولی شاراوە بگرێتە خۆی لە چەشنی «بازرگانی» و «کەرتی تایبەت و بەتایبەتکردن» و «قەرەبووکردنەوەی ڕووتەڵیی سرووشت».

دەسەڵات عادەتەن بە خشکەیی لەڕێی مەدلولی نوێوە، هەژموونی

خۆی نوێ دەکاتەوە. ئیشی ڕۆشنبیر یاخۆ پانتاییە ڕۆشنبیرییەکە تێکڕا ناسینەوەی ئەم گۆڕانەیە لە پەیوەندیی دال و مەدلولدا.

جاریش هەیە پانتایی ڕۆشنبیری و بکەرەکانی، تەواو لەگەڵ پانتاییە سیاسییەکەدا هاوشووناس دەبن و دەبنە یەکێک. لێرەشەوە دەسەڵات سوود لەم یەکبوون و هاوشووناسییە وەردەگرێت و لەلاوە خۆراکی ئایدۆلۆژیی خۆی لێوە وەردەگرێت. نموونەی «شارچێتی»، بەرهەمی ئەم یەکبوونەیە کە پانتایی ڕۆشنبیری لە قازانجی پانتاییە سیاسییەکە دەجووڵێتەوە. شارچێتی، وەک هەر دیاردەیەکی تر دەتوانێت بکەوێتە ناو کۆپەیوەندییە ئایدۆلۆژییەکانەوە و بچێتە خزمەتی لایەنێکەوە. شار لەناوەوە پەرتەوازە و هەمەچەشنە، بەڵام «شارچێتی» یەکێتییەکی درۆزنانە و کاتی دەخولقێنێت. لەڕاستییدا «شارچێتی»یش وەک هەر دیاردەیەکی تر، چاو لە کەلێن و گرژییەکانی ناو خۆی دادەخات و یەکەم کێشەشی هەر لەوەدایە. ئەو لەڕێی «ئەویتری شار»ـەوە، بنبەستەکانی خۆی بیر دەباتەوە. گەر دەمارگیرییەک لە شارچێتیشدا هەبێت، لای دەسەڵات کاتییە و پێچ بە خەڵک لێ دەدات و دەچێتە مامەڵەوە لەگەڵ «ئەویتری شار»دا. بۆیە ئەرکی پانتایی ڕۆشنبیرییە لەسەرووی شارەوە، کۆدەنگییەکی مرۆیی و کەلتووری بسازێنێت کە ململانێی دەسەڵات جێی ململانێیەکی پاتۆلۆژیکی وەک «شارچێتی» بگرێتەوە.

سەبارەت بەوەشی ئاخۆ ڕۆشنبیر سیاسەت بکات یان نا، دوو ڕاستی هەیە: یەکەم، ڕۆشنبیر خۆی لەخۆیدا شووناسێکی

ڕەخنەگرانەی هەیە و یەکەم ئاراستەی ڕەخنەش ڕووی لە دەسەڵاتە. بەڵام هەر ئەم خاڵە لە واقیعی ئێمەدا دەتوانێت ناوەڕۆکی چەمکی ڕۆشنبیریش بەتاڵ بکاتەوە، چونکە واقیعێکی شەفەوی و وێنەییە و کەمتر لەسەر ڕەخنە (critique) بە واتای تەواوی وشەکە درووستبووە. ڕەخنە هەر سەنگەرگرتن و دژایەتیی ڕووت نییە، بەڵکو کارلێک و مامەڵە و دزەتێکردنیشە. بەشەیتانکردنی دەسەڵات (کە بەشی خۆی ڕاستیی تیایە)، بواری مامەڵەی دیالیکتیکی ناهێڵێتەوە- ئەو کاتە نەبێت بکەرە بێگەردەکە خۆی دەکەوێتە ناو سووڕەکەوە و تێدەگات مامەڵە لەگەڵ شەیتانیش دەکرێت. دووەم، ڕۆشنبیر وەک تاک سیاسەت بکات یان نا، پێگە و پانتایی «ڕۆشنبیری» وەک ڕووبەرێکی نەگۆڕ هەر دەمێنێتەوە.

ڕۆشنبیربوون چارەنووسێکی جەوهەری و ئەخلاقیی ڕووت نیە کە کەس نەتوانێت لێی دەربچێت. بەڵکوو مرۆڤ دەتوانێت شووناسی خۆی لە پانتاییەکەوە بۆ پانتاییەکی تر بگوازێتەوە. پاکانەحسێبی دوای گواستنەوەکە شتێکی ترە. داهێنانی سیاسی لە پانتایی سیاسەتدایە و داهێنانی ڕۆشنبیرانەش لە پانتایی ڕۆشنبیرییدایە.

تاکەکان دەتوانن جێی خۆیان بگۆڕن، بەڵام پانتاییەکەیان وەک خۆی دەمێنێتەوە. پانتاییەکە پتر تۆپۆلۆژیایە، واتە ڕووبەرێکە پاش گۆڕانی تاکەکانیش هەر دەمێنێتەوە.

## پانتایی ڕۆشنبیری و «فیکر»

فیکر، کرۆکی پانتایی ڕۆشنبیرییە. هەر کایەیەکی ناو ئەم پانتاییە، خۆراکی خۆی لە فیکرەوە وەردەگریت. هەتا لاوازترین کایەکان، جۆرێک فیکری لاواز و ڕووتەڵیان هەیە. فیکر، یان بڵێین ئایدیا، پوختە و پەستێنراوی هەموو دیاردە مرۆییەکانە. کەسێک خەریکی چالاکیی فێمیستییە یان هونەری یاخۆ وەرگێڕان، ئەوا بەجۆرێک لە جۆرەکان دەرگیری فیکرە. مەبەست ئەوە نییە وانەی فەلسەفە دەڵێتەوە، بەڵکوو وانەی فەلسەفەش خۆی جۆرێکە لە چالاکیی فیکری. فیکر ناوێکە بۆ بیرکردنەوەی تیۆری، بۆ ئەو کاتەی کە کایەکان و ژانرەکان و هتد دەگەنە خودئاگایی. بە حوکمی ئەوەی پانتایی ڕۆشنبیری، پانتاییەکی خۆرئاواییە؛ ئەوا پێشوەختە سەرچاوەکانی فیکر لەوێوە دێن. ئێمە لە کۆنەوە بۆ نوێ، لە وردەوە بۆ درشت، لە فیکری ڕووتەوە بۆ کەمتر ڕووت پێویستمان بە خۆرئاوایە. ئەمەش لەو پێناوەدا، لە خۆمان بچینە دەر و خۆمان بناسین. خۆناسین، واتە چوونەدەرەوە و پاشان هاتنەوە بۆ ناو خۆ. کاتێک دەوترێت فڵان فیکری ئەورووپی کۆن بووە، ئەم قسەیە بۆ ئێمە زۆر مایەی تێگەیشتن نییە.

«کۆن»ێکی خۆرئاوایی بۆ ئێمە کۆن نییە، چونکە بەشێکە لەو مێژووەی تر نەک مێژووی ئێمە. هەتا دوای خۆخەریککردن، گەر ڕۆژێک دەربکەوێت زۆرێکی بە دەردی ئێمە ناخوات، ئەوا خۆخەریککردنەکە هەر مەرج بووە. ئێمە بەر لە خۆخەریککردنە

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێنێوانگر ڕەتی دەکەینەوە، بەڵام دوای خۆخەریککردنەکە دەبێتە پەیوەندییەکی نێوانگریکراو، ئەزموونی، هەڵسەنگێنراو. واتە شتێک بەکەڵک نەیەت، پێویستی بە تیاڕیانە بۆ ئەوەی بزانین بەکەڵک نایەت. دەشێت «کۆن»ێکی خۆرئاوایی، بۆ ئێمە نوێ بکەوێتەوە. بمانەوێت و نەمانەوێت، مێژووی کۆمەڵگاکانی تر دوای مۆدێرنە تووشی جۆرێک لە «ناهاوکاتی» هاتوون. بۆیە مامەڵەی فیکری بە خۆرئاواوە، هەمیشە شتێک لە متووربە، خۆسازاندن، یاخۆ دیالەکتیکی لۆکاڵ و گلۆباڵی تیایە بە هەموو کەلێن و دووری و لێکنەچوونەکانەوە. لە فیکری خۆرئاوادا ڕەهەندێکی گەردوونی هەیە، کە پێشوەخت پشکی «لۆکاڵ»یشی تیایە. ئەم گواستنەوەیەش لەوێوە بۆ ئێرە، وێڕای ڕەگەزەکانی ڕێکەوت و ناوەختێتی و هتد، بەشی خۆی هونەر و دەستڕەنگینیی دەوێت. بۆ نموونە، پێویستە پانتایی ڕۆشنبیری تێبگات کە شتێک لەوێوە دەگاتە ئێرە، چەندە ئاوێتەی پانتاییە لۆکاڵییەکە دەبێت. چ ڕەگەزێگ هەرس دەکات و چ ڕەگەزێکیش ڕەتدەکاتەوە. یاخۆ ئەو کەوڵگۆڕین و جێگۆڕکێ و بەدحاڵیبوونانە چین درووست دەبن.

بۆ نموونە، دەشێت بانگەشەی زانست کە خۆی خۆرئاواییە، لێرە وەک میکانیزمێک بکەوێتەوە بۆ خۆلادان بە بیرکردنەوەی فەلسەفی و ڕامان لە کێشەکانی مرۆڤ. ئەویش بەو پێیەی کە لۆکاڵ دەتوانێت ئەو شتانە گوڵبژێر بکات کە نەزم و تەنسیق و چنینە ئایدۆلۆژییەکەی خۆی تێک نادات. وەکچۆن هەر لەسەرەتاوە «سەرمایە» بەرەو هەموو جوگرافیاکان پەلیکوتا بێ ئەوەی گرنگی

بەوە بدات خەڵکی شوێنانی تر چۆن بیر دەکەنەوە. ئەمە بۆ فیکر و «ئایدیا»ش هەر ڕاست دەردەچێت کە بەشێوەیەکی حەتمی دێن و بڵاو دەبنەوە، بەڵام جێکەوت و جێدەستیان چییە و چۆنە؟ ئەمە یەک لە ئەرکەکانی پانتایی ڕۆشنبیرییە.

پانتایی ڕۆشنبیری لەم قۆناغەی ئێمەدا، تووشی دەبێت بە تووشی پرۆسەیەکی وەک وەرگێڕانەوە. مەبەستمان لە وەرگێڕان، تەنیا وەرگێڕانی کتێب نییە؛ بەڵکو ئەو ئاڵوگۆڕەیە کە دەکەوێتە نێوان «گلۆباڵ» و «لۆکاڵ»ـەوە. لەمڕۆدا دیاردەکان بەبێ هەبوونی وەرگێڕێکی دیاریکراو، خۆیان لە هەوڵدان وەربگێڕدرێنە سەر یەکتری. مۆدێلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە جێیەکی تر، فشار بۆ ئێرەش دێنێت و دەیەوێت خۆی وەرگێڕێتە سەر واقیعەکەی ئێرە.

ئەو دیاردانەشی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پانتایی ڕۆشنبیرییەوەیە، دیسان بە هەردوو مانا وەرگێڕانن. وەرگێڕانی دیاردە بۆ دیاردە، لەگەڵ وەرگێڕانی دەق بۆ دەق. لە یەکەمیاندا، ئێمە لەبەردەم جەبرێکی جیهانیداین کە هەموو بەش و پارچەکانی خۆی دەخاتە جۆرێک کارلێکی چاوەڕواننەکراوەوە. لە دووەمیشیاندا، کە پتر خۆویستانەیە، زمانی کوردی دەخرێتە بەرکەوتنەوە لەگەڵ زمانەکانی تر و هۆشیارییەکانی تردا. لە یەکەمیاندا، وەرگێران تەنیا تایبەت نییە بە پانتایی ڕۆشنبیر و لەوە تێدەپەڕێت. لە دووەمیشیاندا، پتر تایبەتە بەو پانتاییە و ناوەوەی پانتاییەکەوە.

پێدەچێت «مۆد» لە هەردوو حاڵەتەکەدا ڕوو بدات، چونکە مۆد

نیشـانەی هەڵاوسـانە، هەڵاوسـانێک لەنێوان گڵۆبـاڵ و لـۆکاڵ، لەنێوان کاریگەریـی دیاردەکـە و وەرگرەکانیدا. بـەڵام مـۆد بەتەنیا دەرەنجام نییە، بگرە گوزارشـت لـە دەسـپێکی نەخـەملێوی ئاڵوگۆڕەکە دەکات.

ئـەوەی بـۆ لـۆکاڵ گرنگـە، ڕەتکردنـەوەی «مـۆد» نییـە، بەڵکـو بردنێتـی تـا کۆتـا سـنوری لۆژیکیـی خـۆی. خێراکردنەوەیەتـی بـۆ ئـەوەی ماتەوزەکـەی دەربکەوێت. ئەویـش لـەو پێنـاوەدا بزانیـن چـی لـە مـۆد دەمێنێتـەوە و چەنـدی لکاوە بـەم واقیعـەی ئێرەوە. چونکـە هەمـوو واقیعێکـی لـۆکاڵ، لەبنـەوە پشـکی خـۆی لـە مـۆد دەپچڕێت.

هەتـا گـەر بـۆ ماوەیەکی کاتییش بێت، دەست لـە لۆکاڵێتیی خـۆی بـەردەدات و ژێسـتی جیهانیبـوون دەنوێنێت. لـە دووەمیشـیاندا، کـە وەرگێڕانـی دەقـە، ڕاسـتەوخۆتر بـەڵام سـنوردارتر مامەڵـە دەکات. زمانـی لـۆکاڵ، لەڕێـی وەرگێڕانـەوە خـۆی تاقـی دەکاتـەوە. واتـە بـەر لـەوەی مامەڵەیەکـی ئامـرازی بـە زمانـەوە بکەیـن و شـتی «سوودمەند»ـی پـێ بگوازینـەوە، زمانەکـە خـۆی تاقـی دەکاتـەوە.

دەچێتە پرۆسـەیەکی خۆناسینەوە ئاخۆ تواناکانی چەندن؟ چەندە کردەکـی دەبنـەوە؟ لایێیـە مێژووییەکانـی لەکوێـدان و چۆنچۆنـی بهێنرێنـە گـۆ؟ لـە ڕووەوە، لـۆکاڵ بـەراورد بـە حاڵەتـی پێشـوو، چالاکتـر خـۆی دەردەخـات. دەیەوێـت لەڕێـی زمانـەوە «برین»ێک بخاتـە گڵۆباڵـەوە و بێتەگـۆ. لـەم ڕووەوە وەرگێـڕان پرۆسـەیەکی پاسـیڤ نییـە، بەڵکـو پێشـوەخت ئەکتیڤـە. وەرگێـڕان ئـەودەم وەک بوونێکـی پاسـیڤی لـێ دێـت کـە پانتاییـە ڕۆشـنبیرییەکە هەسـتیار

نەبیت بەرانبەر بە وەرگێڕان. ئیدی لە هەڵبژاردنی وەرگێڕەوە تا دەگاتە کاردانەوەی خوێنەر و ڕەخنەگر و نووسەر. گەر لە وردەکارییە تەکنیکییە ناوەکییەکانی وەرگێڕان بگەڕێین، دەتوانین دیسان لە ڕووکاری دەرەوەوە سەیری وەرگێڕان بکەینەوە: وەرگێڕان جۆرێکە لە میتازمان، ئەوەی کە زمان دەچێتە پێگەیەکی ترەوە بۆ ئەوەی خۆی ببینێت. زمانی کوردی بەهۆی سیاسەتی حیزبی و میدیاییەوە، وەک زمانێکی هەژار ماوەتەوە، وەک دۆخێک کە زمان ناتوانێت هەژارییەکەی خۆی ببینێت. وەرگێڕان دەتوانێت دەرچوون بێت لەو دۆخە و پانتایی ڕۆشنبیری فشاری خۆی بۆ سەر پانتاییەکانی تر بنێرێت.

ئەو وەرگێڕانە تەکنیکی و بچووکەی کە لەناو میدیایەک خۆیدا ڕوو دەدات، هێشتا وەرگێڕان نییە وەک «میتازمان». هێشتا زمان بەو جۆرەی کە پێویستە، لە خۆی نەچووەتەدەر. هێشتا ئەوە ئەرکێکی بەشەکی و ناوەکیی پانتایی سیاسەت خۆیەتی. وەرگێڕان، بەتایبەت هی کاری فیکری، ئەو «میتازمان»ـە دەگەیەنێتە دوائاستی خۆی. چونکە ئەوە لە فیکردایە کە زمان تا دواسنوور بیر لە خۆی دەکاتەوە. لە ژانرەکانی تردا، زمان گەمە بە خۆیەوە دەکات، لۆچەکانی خۆی دەکاتەوە، برینی کردەکی دەخاتە خۆیەوە و هتد. بەڵام لە فیکردا، بە شێوەیەکی ئەبستراکت بیر لە خۆی دەکاتەوە.

کاتێک ئەم ئەرکەش ڕادەپەڕێنێت، هەموو کایە و پانتاییەکانی تری ڕاکێشاوەتە بندەستی خۆی بۆ ئەوەی بزانێت زمان لە چ ڕەوشێکدایە.

پێداگریی لەسەر فیکر، پێداگرییە لەسەر شتێکی تر: ئێمە تا لەناو فیکردا نەژین، ناشتوانین لەناو مێژوودا بژین. دیارە مەبەستمان ئەو ڕوانگە ئایدیالیستییە نییە کە مێژوو لە فیکر و ئایدیای ڕووت پێکهاتووە، بەڵکوو بردنی کێشە کۆنکرێتییەکانە بەناو فیکر و تیۆردا. هەر کێشەیەکی واقیعی و کۆنکرێتی تا لەناو فیکر و تیۆردا بەرهەم نەهێنرێتەوە، وەک کێشەیەکی بێمیدیۆم و هەژار دەمێنێتەوە. پێدەچێت هەژاریی تیۆری، بووبێتەهۆی هەژاریی مێژوویی و جاریش هەیە هەست دەکەین سەر لە هیچ دەرناکەین و ناتوانین ناو لە شتەکان بنێین و تووشی دۆخێک دەبین کە ڕەنگە بتوانین پێیبڵێین «دەروونپەشێویی مێژوویی». تەنانەت ئەم دۆخە وایکردووە زۆرجار نەزانین ئاخۆ تەفسیری ڕیوایی بۆ شتەکان بکەین یاخۆ هۆمەندانە؟ ئاخۆ واقیع تۆپەڵێک میتافۆرە جێی یەکتر دەگرنەوە یان ڕیزێک هۆ و ئەنجامە یەکتری دەبزوێنن؟ ئاخۆ سرووشتی کەلتووریی و زەینیی ئێمە لە کام جۆرەیانە؟ ئاخۆ ئێمە لە بازنەیەکی داخراوداین یان لەسەر ڕاستەهێڵێک دەجووڵێین؟ ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری میتۆدیی تر، بایەخی فیکر بۆ پانتایی ڕۆشنبیری دەردەخەن. یان ڕیشەییتر: گەرەکە سەرەتا لە ئاڵۆزییەکانی خودی میتۆد تێبگەین. میتۆد بەشێکە لە خۆناسین.

میتۆدیش شتێک نییە بە شێوەی میکانیکی لە کەلتوورێکی ترەوە بهێنرێتە ئەم کەلتوورەوە، بەڵکوو شتێکی دینامیکییە. واتە سەرەنجام چۆنیەتیی گواستنەوەی میتۆدەکە، دەبێتە بەشێک لە خودی میتۆدەکە. ئەو میدیۆم و گەیەنەری میتۆدەکەی پیا دێت،

بەشێکە لە میتۆدەکە. میتۆدیش عادەتەن گەرەکە گشتگیر بێت، تۆ بڵێ میتافیزیکی، ئەوەی کە هیچ شتێک نەمێنێتەوە نەیگرێتەوە. بەم پێیە، میتۆد داوەریی هەموو شتێک دەکات، کوێ وێنەکە شیتەڵ دەکات، و لەوەش گرنگتر ئاگای لە کەموکورتیی خۆیەتی.

هەموو میتۆدێک وێڕای وێنە گشتگیرەکە، دەبێت شوێنێک بۆ کەموکورتییەکانیشی بهێڵێتەوە کە هەرگیز چارە نابێت. دەشێت ئەم نوقسانییەی ناو میتۆد، بەشێک بێت لە سرووشتی میتۆد خۆی. هۆیەکەش ئەو کەلێنەی نێوان فیکر و واقیع، میتۆد و جیهانە کە بەڕەهایی یەک ناگرنەوە. بەکورتی، فیکر ڕۆحی هەموو پانتاییەکانە و پانتایی ڕۆشنبیرییش بە پلەی یەکەم بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی. فیکر، گەر لە پانتایی سیاسەتیشدا بەرهەم بێت، ئەوا لەناو پانتایی ڕۆشنبیریدا کۆتایی دێت.

★★★